# سەوڵ لە بەرمۆدای (خود- عیشق- نیشتیمان)دا

سۆران محەمەد
(بەریتانیا)

سەردەمانێک لەمەوپێش شاعیرانێک هەبوون گیانیان لێک نزیک بوو، بەهۆی ئەوەی هەرچەند بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی و کۆڕی ئەدەبی و شوێنی کۆبوونەوەی دیاریکراو هەبوون، پێکەوەی گرێ دەدان، ئەوانیش ژمارەیان بە پەنجەکان دەژمێردران، بەڵام مەخابن هەر زوو لێشاوی تەکنۆلۆژی ئای تی و گۆڕانکارییە خێراکانی جیهانی سەرمایەداریی ئەو ساتانەی لە زەین و ژیاندا خێرا کوژاندەوەو شاعیرەکانیشی هەریەک بەلایەکدا پەرت کرد؛ ڕەنگە لەم ساتەدا هەندێکیانم لەیاد بێت و هەندێکیشیان نا، بۆیە نامەوێت ناوی کەس بهێنم، بەڵام دەتوانم بڵێم شاعیر (سیروان ناشاد) یەکێک بوو لەو دەنگە گەرموگوڕ و پڕ هەڵچوونانەی دەیویست بە شیعر جیهان وێنا بکات.

لەم ڕۆژانەدا کە دەقی (سەوڵ)ی شاعیر سیروان ناشادم خوێندەوە، تووشی ڕامانی کردم، ئیدی سەرکۆنەی خۆمم کرد کە بۆچی دەقێکی وا سەرنجڕاکێش و پڕ ڕەهەند و کراوە هیچی لە بارەوە نەنووسراوە؟ وابزانم ئەو دەقەش دوا دەقی ئەو شاعیرەیە کە چەند ساڵێک پێش ئێستا لە گۆڤاری (نووسەری نوێ)دا بڵاوبووەوە و من ئاگاداری بم، دەقێکە لە چەند ڕوویەکەوە جێی ڕامان و لێکۆڵینەوە و هەڵوێستە لەسەرکردنە.

ڕۆلان بارت وای دەبینێت: ئەدەب کورت هەڵناهێنێت لە باش و خراپدا، یان پۆلێنکردن و ڕیزکردنی ڕەگەزەکان، بەڵکو ئەوەیە کە لەرینەوە و جووڵە بەرپا دەکات لەناو پۆلێنە کۆنەکاندا، بۆیە ئەو وای دەبینێت دەق وەستاو نییە و هەمیشە لە جووڵەی بەردەوامدایە کە دەبێتە هۆی تێپەڕاندن و ئاوهاش دەقی چێژبەخش لە لەدەستدانەکانەوە حاڵەت دەخوڵقێنێت و بەشەکەتی



**سیروان ناشاد**

پشوو دەگۆڕێت.

پاش خـوێندنەوەیەکی وردی ئەم دەقـە، بڕیارم دا لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاسـتەکـانی لێـدوان دەربارەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو شیعرە دابەشی ئەم چەند تەوەرەیە بکەم کە خودی جیـاکارییـەکـان زەمـینەخۆشکەری ئەم دەستنیشانکردنە بوون:

١- ئاستەکانی گوتاری شیعری.
٢- سێکوچکەی بنیادی مانا.
٣ - ئاستەکانی ڕێزمان.
٤- ئاستەنگەکانی ناو دەق.
٥- پارادۆکسەکان (لایەنی هونەری).

ئەم دەقـە بە دەقـێکی فـرە دەنگ و چڕ دادەنرێت کـە هەڵگری زیاتر لە مانا و دەلالەتێکە، ئاستەکانی گوتار تێیدا هەڵبەز و دابەزین دەکات لە نێوان لێدوان لە خود، بانگکردنی کەسی نادیار، خودا، شۆخ، هاوڕێ، ئەوان، تۆ...تاد.

شـاعـیـر لەم شـیـعـرەدا سـەرەتا و کـۆتا کـۆپلەی بە (مـاراسـا) دەنووسێ، ئیـتـر ئایا مـەبەست لەمـە کەسایەتییەکانی ناو شانۆی ماراسادی نووسەر (پیتەر وایس)ی فەڕەنسییە کە لە شەستەکاندا لە واقیعێکی جۆشدراوی شـۆڕشدا نووسـراوە، پێشی دەگـوترێت: (شانۆی شۆڕش و کوشتن و گۆرانی و شێتی)، کە باس لە ڕۆڵی نەخۆشانی دەروونی و ڕۆشنبیری بەرز و توانایی داهێنەرانە دەکات، بە گێڕانەوەی ڕووداوەکـانی ناوەوە و دەرەوە، یان ئەوسا و ئێستای وڵات.

ناوی (ماراساد)یش پێکهاتەیەکە لە کۆتایی هەردوو ناوی کەسایەتی ناو شانۆکە: (جان پۆل مارا) و (مارکیز دی ساد) پێکهاتووە، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین ئەمە هەر گریمانەیەکە و شاعیر ڕەنگە بۆ خاتری زمانی شیعریی پیتی (د)ی لە کۆتایی ناوەکەدا نەنووسیبێت، یان ڕەنگە ناوێکی جوانی خەیاڵی بێت و شاعیر وەک تازەگەرییەک بەکاری هێنابێت، وەک چۆن ماراسا ساروفار بورتیکو - هوتێلێکی ناوداری ناوچەی (ڕاجکوت) ـە لە هندستان.

بەهەرحـاڵ، ئەم ڕوونکردنەوەیە زیاتر بۆ بەرچاوڕوونی خـوێنەران بوو، ئەگـەر نا، ئەوە ئەگـەر مـانـای تریشی هەبێت، هیـچی ئەوتۆ لە ئاسـتی دید و خـوێندنەوەی دەقەکە ناگۆڕێت.

**چۆن دەتوانین ماراسا بەسەر ڕایەخی دڕکەزیبا بخزێنینە نێو پێچەکانەوە کە شەلاڵی برینانین.**

**یەکەم: ئاستەکانی گوتاری شیعری**

لەم شـیـعـرەدا بە چڕی بەر کـۆمـەڵێک دەسـتـەواژەی ماناداری ناسۆراوی دەکەوین کە لەسەر هەر سێ هێـڵی (ویژدان، سـۆز، هزر) دەجـوولێن، کـە لە پشت هەر یەکەیانەوە سەرگوزشتە و بەسەرهاتێک ڕەنگە هەبێت کە شاعـیـر توانیـویەتی بە زمـانێکی جوانی شـیـعـریی وەسـفـەکـان بهـۆنێتـەوە و لەگـەڵ خـۆیدا بە هەڵبـەز و دابەزەکانی دەقەکەدا ئامانبات و ئەو جیهانە کاولانەمان نیشان بدات کە هەر لە سەرەتای دەقەوە دادوفیغانێکی بێ ئاکامیان دەربارە دەکات کە زەمەنیش تێیاندا پەرت بووە بەسەر: (ڕابوردووەکان، ئێستا)دا. لەم جەنجاڵییەدا شاعیر چاوی ئاسۆکانی لێڵ دەبن و ناپەرژێتە سەر ئەوەی بیرێک لە نەخشەی پرۆژەکانی داهاتوو بکاتەوە، کاتێک باس لە داهاتووش دەکات، هەموو ڕێگاکان لەبەردەمیدا دەگیرێن و تاکە وەڵامێک دەست دەخات کە لەسەر دیوار و دەرگاکانی بەختەوەریی نووسراوە: (هەرگیز)

**کامەرانی لە نوکتە ئێکسپایەرەکانی ژیان دەچێ**
**هێـشـتـا نەمـانزانیـوە سـەرابە ڕێی ئەم غـوربەتە نامانگەیەنێتە هیچ**
**لە نزای چەپلەکانیش نەگەیشتین**

**ئومێدی گوڵە دالیاکان بە هەڵەتی هەڵدێریان بردین**

هەرچەندە بشـــیـــەوێت بە کـــامـــەرانی بگات، بەڵام ئەفسووس ئەم ئاکامە مەحاڵە و مەگەر هەر داواخوازی ئەوە بێت لە ڕاناوی نەناسراوی (ئەو) کە بە مەرگێکی هێمنی بسپێرێت. (مادام نەیتوانی دڵی چۆلەکەیەک ئاشت کاتەوە و فرمێسکی منالەکان بسڕێت و نووزەی مێروولە پانبووەکان ژێر بکاتەوە)

**خودایە! تازە دڵی چۆلەکەیەکمان پێ ئاشت ناکرێتەوە**
**بە لێواری گۆسەبانەکەوە بوو بە چلوورە**
**ئیدی فرمێسکی ئەو منداڵە لێمان خۆش نابێ**
**بێ گوناه لە ڕەحمی زەمەندا مەیی**
**نووزەی ئەو مێروولەیە نابڕێتەوە بە گەورەیی پێمان لێنا.**

ســەیرورەتی تاوان دەرحــەق ئەم بوونەوەر و شـتــە بچووکـانە ئیکۆیەکی ئازاراوی هەمـیـشـەیی لە زەین و ناخی بە ئاگای شاعیردا جێ هێشتووە کە هەرگیز چاک نابێتەوە و هەرگیزیش ناتوانێت بگەڕێتەوە سەریان و بیانگۆڕێت، ئەمەیە دەسەوسانی شاعیر بەرانبەر قەدەری زاڵ دەردەخات و خود لەبەردەم ئەم بەرداشە مەزنەدا زۆر سست و گرمۆڵە و بێدەسەڵات و دەروون ساکاو دەبێت.

بەڵام ئەگـەر بێـینە سـەر شـێـوەی ئەم مـانایە وەک (بنیادگەراکان) بە مەیدانێکی ئەزموونیی کاری خۆیانی دەزانن، ئەوە دەتوانین بەم جۆرە شێوە گشتییەکە نیگار بکەین وەک بەرەنجامێکی خوێندنەوەی کۆپلەکە:

**نادادیی لەگەڵ لانەوازان ← کۆتاییهاتوو ← ئازار ← بێکۆتایی**

شـاعـیـر هەر لە سـەرەتاوە یەکـسـەر بە وەسـفی مـوعـاناتەکـان دەست پێدەکـات، پاشـان دێتـە سـەر کارتێکەریی ئەم موعاناتانە لەسەر خودی شاعیر و دواتر دێتە سەر هۆنینەوەی ئازار و بەشێک لە موعـاناتەکانی دەرەوەی خود، هەروەها ئەوانە وەک ئەو خاوەنی زاتێکی مەرگەساتاوین، ئەمەش چۆن کـارتێکەریی بووە بەسەر بنیادنانی بێهوودەییەکی قووڵ بەسەر شیعرەکە و هەستی شاعیرەوە، جارانێک دەمانباتەوە بۆ ڕابوردوویەکی دوور و کۆستەکانی ئەنفال، جارانێکیش دەمانهێنێتەوە بۆ واقیعێکی تاڵ بە پەشیمانبوونەوە لە تاوان و سێبەری خـیـانـەت و وێسـتـگەی کـاڵبـوونەوە و لەدەسـتـدانی قـەنـاعـەت و ئایدیاکـان کـە سـاڵانێک لە خـەوندانی شاعـیـردا جـموجـووڵـیـان بووە، ئاوها شـاعـیـر درک بە فەرامۆشکردنی بوونەوەرە لاوازەکان دەکات و سەرکۆنەی خۆی لەسـەر دەکـات، بەڵام ئەسـتـەمـە گـێـڕانەوەی چرکە ساتەکان و هەڵدانی کۆلارەی منداڵی بە پەتی خۆشنوودی و بەدەست هێنانەوەی بەرائەتی منداڵی:

**بەم قرچەی سووتانە ئەسەف کە ناتوانین**
**کۆلارەکان بە پەتی خۆشنوودی هەڵدەینەوە**

ئاوها سـەوڵەکـان لەکـار دەکـەون و لە سێ کـوچکەی بەرمۆدای (خود- عەشق- نیشتیمان)دا شاعیر لە دەست و پێ دەکەوێت و تەمی دەسەوسانیی باڵی ڕەشی بەسەر دەقەکەدا دەکێشێت.

**دووەم: سێکوچکەی بنیادی مانا**

ئەم دەقە بە سەر سێ بابەتی سەرەکیدا دابەش دەبێت کە هەر یەکەیان تەواوکەری ئەوەی ترە و بە هەرسێکیان سێ گۆشەیەک دروست دەکەن و کەشی گشتی قەسیدەکە دەخەمڵێنن، لە هەندێک جێدا خوێنەر دەبێت لە پشت زاراوەکانەوە ئەم سێ ڕەهەندە کەشف بکات، لە هەندێک جێشدا ئاشکرا ڕەهەندەکان ماناکانیان تەعبیر لە خۆ دەکەن و ئاسانتر خوێنەر دەتوانێت بەدەستیان بهێنێت، کە ئەوانیش هەر یەک لە (خود، عەشق، نیشتمان)ن، بەڵام ئەو خاڵەی هەر سێ تەوەرەکە لەخۆی کۆدەکاتەوە، دەبێتە خاڵی هاوبەشی نێوانیان بریتییە لە ناسۆر و ئازار و شکست و مـوعـاناتەکـان کـە دەتوانین ئا لێـرەدا دەستەواژە بەکارهاتووەکانی هەر یەک لەم کۆڵەکانە ڕیز بەند بکەین کە لە شیعرەکەدا بەکارهاتوون تاکو زیاتر بە دنیابینی شاعیر و دۆخی دەروونی شاعیر لە ساتی نووسینی دەقەکەدا ئاشنا ببین.

-خود: مەملەکەتێکم لە کۆس و قۆچ/

-/ نیشتیمان: حەرفێک بوو نەخوێنرایەوە/

- / عیشق: نوشتەیەک بوو بەتاڵ کرا/

**ئەلف/ خود:** وەسفە جۆراوجۆرە بەکارهاتووەکانی خودی بێژەر، یان دانەر، زیاتر لەم دەستەواژانەی شاعیردا چڕ دەبنەوە:

(جەستەی سووتاو، لەرزین، پێی شەقار، پێکراو، کەفت و کەمجووڵە و کەتوو، سیغاری ژەنگاویم، بەرچنەیەک ژان، بۆکرووزی نێڵەکانم، باڵا شەنگەبی لەرزیو و تەزیو وتۆقیو و ڕچیو، تۆپە بەفرینی وەهەم)

**بێ/ نیشتمان:** نیشتیمان بە هەردوو ڕووە

مەجازییەکەی (ناخی شاعیر و نیشتیمانی واقیعی)، یان ئەو وێنانەی بۆ نیشتیمان کێشراون لە چەند دەستەواژەیەکدا دەربڕینیان لێ کراوە کە ئەوانیش لەسەر هەمان ڕەزم و ئیقاعی مانا بەرجەستەکراون، کە ئەمانەن:

(تاریکستانی دەڤەری هەڵچوو، تەمێکی ڕێ ونکەر، سارای سەراباوی، بیابانی لماوی، نیشتمانی تەپکە، حەرفێکی نەخوێندراوە، نیشتیمان لالەنگییەکی پاککراو، سەرابە ڕێی غوربەت، ویستگەی کاڵبوونەوە، گۆڕێکی بە کۆمەڵ، دارەمەیت، مەملەکەتی کۆس و قۆچ)

**جیم/ عیشق:** ئەو دەستەواژانەی پەیوەستن بە عەشق و مەعشوقەوە لێرەدا پۆلێن دەکەین، جا ئایا ئەو عەشقە ڕەها بێت و مەعشوقیش زیاد لە زاتێک بێت، یان تەنانەت لە دەرەوەی بازنەی مرۆڤیشدا بێت ئاوها بەرجەستە دەبن و لە دەقەکەدا جێیان پێ دەدرێت، یان بە لەگەڵ دوان، یان بە وەسفکردن بەکارهێنرابن:

**(سواخم دە و دامپۆشە با ئەم درزانە نەبینی، ڕوو وەرگێڕە، سوێرەشکی عیشق، عیشق نووشتەبوو بەتاڵ کرا، خواردنەوەی دوا نووزەم لە پیاڵەیەکی شکاودا بخۆرەوە)**

لە ئاکامی خوێندنەوەیەکی وردی هەر یەک لە یەکە جوداکانی ئەم سێ ڕەهەندە، دەگەینە یەک ڕاستی ڕەها کە هەر سێ کوچکەکە پێکەوە گرێ دەدات و لە خاڵی (ناسۆر و ئاکامی مەرگەساتە جیاوازەکاندا سێگۆشەیەک پێکدێنن کە من بە (بەرمۆدای ناسۆر) ناوی دەبەم، وەک لە هێڵکاریی ژمارە یەک دا دەردەکەوێت:



هێلکاری ژمارە یەک

**سێیەم: ئاستەکانی ڕێزمان:**

ناو/ ڕاناو/ جێناوەکان:

گیانی پەژموردەی شاعیر لە سەرجەم کۆپلە و دێڕەکاندا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەردەکەوێت، تەنانەت گۆڕین و هەمەجۆریی ڕاناوی کەسانی بانگکراو و وتوێژ لەگەڵکراو ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن کە چۆن شاعیر، تەنانەت جارانێک پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی ڕاناوی ئەو، ئیتر بە (ئەو)ێکی ئاڵۆز و نەناسراو دەمێنێتەوە تاکۆتایی دەقەکەو لێرەوە خوێنەر چێژ دەبا لە خەملاندن و دۆزینەوەی حەقیقەتی (ئەو)ی بەکارهاتوو، کێیە و ڕۆڵی لەم دەقەدا چییە؟ وەک ئەوەی دەڵێت:

(ئێی بەستەزمان) کە ڕەنگە هەر خودی شاعیریش بێت وەک منێکی سایکۆلۆژی بووبێتە (ئەو)و وتوێژی لەگەڵدا بکرێت، کە ئەمەش جۆرێکە لە شێوازی مەنەلۆگی شیعری.

**- ناو و جێناوەکان:**

* خودایە: ٤جار

**خودایە چ حیکمەتێکە ئەم بوونە**

**چ سرێکە ئەم گەردوونە**

* شۆخ:

**ئەی شۆخ ...دوانووزەم لە پیاڵەیەکی لێو شکاودا بخۆرەوە**

* هاوڕێ ٢جار:

**هاوڕێکانیش لە بیابانێکی لماویدا جێیان هێشتین**

* نەنک ٢جار:

**زیندەگی لە حیکایەتەکانی نەنکم دەچوو نیوە شەوان**

* باپیر:

**سوتووی جغارە عارەبییەکەی باپیرەم**

* تۆ:

**وەتدەزانی بەرسیلەی کامەرانی دەچنی**

* من:

**من تۆزی ئەودیو مێژووم پێوەیە**

* ئەو:

**جا چۆن کچی پاشای بەختەوەریی مارە بکەین؟**

**تەعاروفێک لەگەڵ ڕاهیبەیەکدا بکەین**

**تێبینی:** ئەگەر ورد سەرنج بدەن، دەبینن چۆن ڕەشبینییەکان باڵیان بەسەر شاعیردا کێشاوە، یان وەک مەحوی ڕەنگە بە خۆی بڵێت (لەناکەس کاریا)، یان (بە زایع چوو لە مالایەعنیا)، بۆیە بۆ بەختەوەریی لە دەرەوەی خۆیدا دەگەڕێت، لەکاتێکدا لە زۆربارداو لای زۆرێک لە زاناکان وا باس کراوە کە لە ناخەوە دروست

دەکرێت، کەچی لێرەدا شاعیر تەنانەت پەنا بۆ ئەفسانەکانیش دەبات، بەو مەرجەی بگاتەوە بەختەوەریی.. ئەو بەختەوەرییەی هیوا دروست دەکات و مانا بە ژیان دەبەخشێت، ڕەنگە ئەم حاڵەتی هەستکردن بە تاوانیش بەس دەروونی بێت و ئاوهاش لای شاعیر چەکەرەی کردبێت.

* ئێمە:

**تۆپە بەفرینەکانی وەهمین بەسەرخۆدا دادەچۆڕێین**

هەروەها کارەکتەری ئاژەڵە لاواز و بچووک و پاک و دڵڕفێنەکانیش کە هێمای ئازادی و سادەیی و جوانین، بێبەش نەبوون لەم دەقەدا وەک کەرەستەیەکی دەوڵەمەندی ڕازاندنەوە و گەیاندنی ماناکانی دەق کە ئەوانیش:

(کەو، سوێسکە، ماسی، پۆڕ، باڵندە، مێروولە)ن.

**چوارەم: ئاستەنگەکانی ناو دەق**

وەک چۆن شاعیر لە سەرەتا و دوا کۆپلەدا لە پڕکردنەوەی پێچەکان بە دوای خەمی فریادڕەس عەوداڵ دەبێت، لە کاتێکدا زەمین ڕایەخی دڕکەزییە و بریناییش شەلاڵی خوێنن، ئەوە شاعیر ڕووبەڕووی چەند ئاستەنگێکی جودا دەبێتەوە کە بڕستی لێ دەبڕن و هەموو ساتێک جۆرێکی جیاواز نائومێدیی تێدا دەڕوێنن کە لە کۆتاییدا هەر ئەوەمان بۆ دەمێنێتەوە لە گەورەیی ئازارەکان ڕابمێنین و لەگەڵ شاعیردا بەشداری کۆسپ و خەمەکان بین، تا کەمێک باری سەرشانی سووک بێت.

لە سەراپای تانوپۆی دەقەکەدا ئەم ئاستەنگانە دەردەکەون و هەر جارێک لە وێنەیەکی شیعری جیاواز و مانایەکی تراژیدیاییدا خۆیان نمایش دەکەن:

**بەم قیبلەنوما ژەنگاوییەوە چۆن لە تاریکستانی ئەم دەڤەرە هەڵچووە ڕێ دەرکەین**
**کە غەریقی بەحری تاوانین.**

*

**لە کام ڕەزا بەرچنەیەک ژانی یاقوتییت چنی لێم بگەڕێ**
**کە بەسەر کەلاوەیەکی سووتاوەی گەرمێندا کەوتی من ڕازە چاو خۆڵەمێشییەکەم**

ئەم تۆخمانەش ئاوها دابەش دەبن و لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت:

١- قیبلەنومای ژەنگاوی: نەخشەڕێی جووڵان و دۆزینەوەکان.

٢-دەڤەری هەڵچوو: بەمانای شوێن وەک سەنتەرێک بۆ سەرلێ تێکچوون.

٣-خیانەت: لەسەر ئاستە جیاوازەکان و کەسایەتییەکان.

٤- گوناح: لەسەر ئاستی خودی وتوێژکەر و دانەر.

٥- موعاناتەکان و مەرگەساتەکان: بەرەنجامی کۆی ئەو چوار پێکهاتەی سەرەوەن کە شاعیر وەک زات و بابەت تووشی تەنگژەی هیوا و بەختەوەریی دێت، وەک دەڵێت:

**ئەی پاشماوەی مەرگەساتەکان**
**ڕوو وەرگێڕە فریای بۆکرووزی نێڵەکانم ناکەوی**
**سیغارە ژەنگاوییەکەی ڕۆژگارم**

کە لێرەشدا دەتوانین بە هێڵکاری ژمارە دوو ئەم مەبەستە زیاتر ڕوون بکەینەوە:




هێلکاری ژمارە دوو

**پێنجەم: پارادۆکسەکان (لایەنی هونەریی):**

لەم دەقە شیعرییەدا بەر چەند پارادۆکسێکی نوێ دەکەوین کە زیاتر وێنە شیعرییەکان تازە دەکەنەوە و بەهای ئیستێتیکی دەقەکە بەرز دەکەنەوە کە لە وێنەی شیعری سەرنجڕاکێشدا جێیان کراوەتەوە و ئاماژە بەم دوو وێنەیە دەدەین:

١

**وەرە هاوڕێ لە ژێر ئەم (بی)یە ڕەزا قورسەدا**
**دیژلەمەیەکی کامەرانی فڕ کەین**

لای هەموو شاعیرانی تر (داربی) بە ڕووە جوان و شۆخەکەی بەکاردێت و دەشوبهێنرێت، بەڵام لێرەدا بە هۆی دنیابینی و کەشی ڕەشی قەسیدەکەوە (دار

بی)یەکانیش ڕەزایان قورسە، لە لایەکی ترەوە هەمیشە چای تاڵ ناخۆش و دڵتەنگکەرە، کەچی لێرەدا وەک هۆکاری فەراهەمهێنانی کامەرانی بەکاردێت کە ئەمەش مەحاڵە و مانا لەم پارادۆکسەدا پێچەوانە دەکاتەوە و ئاوها کۆکراونەتەوە:

**داربی: ناشرین - دیدگای مەرگەساتاوی**

**چای تاڵ: کامەرانی - کەواتە خۆشی و ناخۆشییەکان هەر یەکن کە تاڵن**

**٢**

**شاتووەکانی فیراق لێرە بەر دەگرن**

**درەختەکانی موعانات هەمیشە سەوز**

جارێکی تر شاتوو و درەخت مایەی ئاسوودەیی و خۆشیهێنی گەشەیە، بەڵام لێرەدا بە پێچەوانەی مانای خۆیانەوە سوودیان لێ بینراوە بە خستنە پاڵی فیراق و موعانات بۆ هەردووکیان کە دووبارە ئەمەش هەر خزمەت بە ڕەوتی گشتی ماناو کەش و دیدگای شیعریی شاعیر دەکات کە توانراوە لە شوێنی خۆیاندا شیاو بەکاربهێنرێن و شاعیر داهێنانیان تێدا بکات.

**٣- ئەودیوی ڕەشبینی**

ئەوەی لای زۆربەمان خوێندراوەتەوە و زانراوە، بەکارهێنانی خۆڵەمێشی (ماتریال)ە بۆ جەستەی (ماتریاڵ) و وەک دوو هاوتا بەکاردێن، بەمەش مانا باوەکەی بەدی دێنێت، کەچی زۆر ناوازانە لێرەدا بەر ئەو مەجازە ناوازەیە دەکەوین کە ڕادەی تراژیدی و ناسۆرەکان چۆن نەک بەس ئێستانی کون کردووە، بەڵکو ڕوحی (میتافیزیک)یشی سووتاندووە و کردوویەتی بە خۆڵەمێش کە ئەمە بەس لە دنیای فانتازیدا دەخەمڵێنرێت، ئەمەش ڕەوانبێژییەکی جوانە بۆ دەرخستنی ڕێژەی قوربانی و سووتان، لێرەدا شاعیر داوا دەکات و بە هاوڕێیەک کە نازانین کێیە و لە چ ئاراستەیەکەوە هاوڕێی شاعیرە و لەسەر چ ڕێیەک ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆبوونەتەوە، یان لە دۆخی ئێستادا هاوڕێن (چونکە لە دەقەکەدا باس نەکراوە)، بەڵام ئاوها بە شێوەیەکی فانتازیائامێز داوای لێ دەکات:

**بە نەرمە(با)یەکی تەزیو خۆڵەمێشی ئەم ڕوحە بڕەقسێنە**

**سەرچاوەکان:**

1- Roland Barthes ,The Pleasure of the Text.. Translated by: Richard Miller, 23rd prnt.

2- Marat/Sade Written by Peter Weiss, 2012.

**٣- گۆڤاری نووسەری نوێ. ژمارە ٦٥، تشرینی یەکەمی ٢٠١٣، هەولێر.**